# ئەنفال لە نێوان جینۆساید و گاڵتەجاڕییدا

خەتاب سابیر

ئۆکتۆبەری 2006

خوێندنەوەی هەموو کورد بۆ جینۆسایدی کورد و قرکردن لەژێر ناوی ئەنفالدا، ناگاتە ئەو هۆشیارییە سیاسیی و یاساییەی کە رافائیل لێمکین Rafael Lemkin لە ساڵی 1943 دا بۆ جینۆساید هەیبوو. بەواتایەکی تر ئێمەی کورد تا ئێستا خوێندنەوەیەکی قووڵ و شایستەمان بۆ ئەنفال لە هزری خۆماندا نەئەفراندووە . ئەنفال دەقاودەق جاڕدان بوو بۆ ڤاندڵیزمی vandalism کورد، بەڵام بەئەفسووسەوە کورد و ئیلیتە سیاسیی و رۆشنبیرییەکەی لەگۆشەنیگایەکی زۆر تەسکەوە سەیری دادگاییکردنی سەرانی بەعس دەکەن.

رافائیل، جینۆسایدی لەبری کۆمەڵکوژیی جوولەکەکان بەکاربرد و ئەم تێرمەش بەسەر یاسا نەتەوەیی و نێونەتەوەیی و پەیمانە نێودەوڵەتییەکانیشدا وەک چەمکێک قورسایی سیاسیی و یاسایی خۆی سەپاند. ئایا رۆشنبیران و ئاکادیمستانی کورد لە ئاست ئەنفالدا لە چ ئاستێکدان و لە کوێن؟ ئێمەی کورد سەرەڕای دانی ئەو هەموو قوربانییە ، ئایا لەئاست ئەوەدا هەین کە کەیسی ئەنفال وەک خۆی بگوازینەوە ناو مێژوویەکی نووسراو و زیندووەوە. ئایا رۆشنبیرو سیاسیی و رەوەندی کوردیی لەئاست ئەو لێپرسراوییەتییە مێژوویی و مۆراڵییەدا هەن کە کێشەی ئەنفال وەک خۆی مافی بدەنێ و کاری لەسەر بکەن؟ ئەوەی تا ئێستا لەسەر ئەنفال کراوەو و نووسراوەو وتراوەو تۆمارکراوە لە دوو خوێندنەوەی هاوتەریب زێتر تێپەر ناکەن.

خوێندنەوەیەکی تراژیدیی، بە بەرگێکی دواکەوتووانەی خێڵەکیی و لۆکاڵیی لە شین و شەپۆڕ و لەخۆدان و خۆرنینەوەو پیشخواردنەوە و پاڕانەوە بەولاوە هیچ مەودایەکی سیاسیی و مۆراڵی و یاسایی نەزانیوەو لە تلدانێکی پێچاوپێچدا هاتووەو چووە. خوێندنەوەی دووەمیش کە هاوتەریبی خوێندنەوەی یەکەم سەریهەڵداوەو لەدوای راپەڕینی بەهاری 1991 وە باشتر دەروازەی بۆکراوەتەوە لە مەودایەکی فانتەسییدا ، ئاوێتەکراو بەچەند خولیایەک لەئەفسانەی سیاسیی و ئەدەبیی ، لەدەست و دەمی چەند شاعیرو نووسەرێکدا دەستاودەستی پێکراوەو ئەوەندەی بۆ بەکارهێنانی لۆکاڵیی بووە، ئەوەندە بۆ ئاستی نێونەتەوەیی نەبووە.

رافائیل دەیزانی کە تاوانی جەنگ جوودایە لەتاوانی جینۆساید، ئەو باش دەیزانی کە تاوانی جەنگ پێشێلکردنی هەندێ لەیاساکانی جەنگە. تاوانی جەنگ لەساڵی 1907 وە لە هایگ سەلمێنراوە و کراوە بە بنەچەیەک بۆ یاسای نێودەڵەوتیی. لەکاتێکدا پارێزەرانی رەوادان بە ئەنفال و بەعس و رەوتی دادگاییەکە بەگشتیی ، بەکەشکۆڵی کەمشارەزایی پارێزەرانی ئەنفالکراوەوەو بە بەرچاوی هەموو دنیاوە دەیانەوێ، راستیی ئامارەکان و نەخشەکانی ئەنفال بشێوێنن و میدیای جیهانیی و ویژدانی جیهانییش والێبکەن کە خوێنسارد سەیری ئەو هەموو کارەساتە خوێناوییانە بکەن. بەداخەوە لەئاستی جیهانییشدا ئەوەندەی هەرواو هورياكانی سەدام گرنگیی پێدەدرێ، ئەوەندە کیمیاویی و پرۆسەی ئەنفال ناخوێنرێتەوە.

رافائیل ئەوسا دەیزانی کە کە چەمک و زارەوەی بەکۆمەڵکوژیی پربەپێستی ئەو تاوانە گەورانە نییە کە نازییەکانی ئاڵمانیا بەرامبەر جوولەکەکان دەیانکرد، ئەو پێیوابوو کە کۆمەڵکوژیی ناتوانێ نەخشەکانی ناو مێشکی ئەو مۆتیڤانە شیکار بکات کە



www.dengekan.com

تاوانکارەکان  بە قوربانییەکانیان دەکرد، لێرەوە بوو کە جینۆساید وەک پرۆژەیەکی سیاسیی و مۆراڵیی و مرۆیی لەچوارچێوەیەکی یاساییدا کەوتە ناو ئەدەبی سیاسیی و یاساییەوە لەسەرانسەری جیهاندا.

ئەم بێدەربەستیی و خەمساردییەی لە ئاست جیهاندا بەرامبەر ئەنفال هەیە، هەر بەتەنها تاوانی ناسیۆنالیزمی عەرەبیی و شۆڤێنیزمی عەرەبیی و خاشاکی ئیسلامیی و خۆدزینەوەی رۆژئاوا بەگشتیی و ئەمێریکا بەتایبەتەیی نییە، بەڵکوو کورد بەگشتیی لێی بەرپرسیارەو لەپێش هەمووشیانەوە دەسەڵاتی سیاسیی و سەرجەم یاساناسان و پارێزەرانی کوردستان، دەسەڵاتی سیاسیی کورد و هەردوو حیزب ( یەکێتیی و پارتیی ) ئەگەر خۆیشیان بەخەمخۆری ئەنفال  بزانن، ئەوا بەدڵنیاییەوە مێژوو لەداهاتوودا بەچاوی سەرانی بەعسەوە سەیریان دەکات، کە دەیانەوێ پاکانە بۆ لەشکری جاشەکان و موستەشارەکان و ئەنفالچییەکان بێننەوەو لە بەرزترین پۆستی سیاسیشیەوە دەیانەوێ بەرگریی لە ئەنفالچییەکان  بکەن.

ئەگەر رۆشنبیرانی کورد ، کوردەناموسیی بەشێوازێکی زۆر خێڵەکییانە دەکەن  لەسەر ئەوەی دەسەڵاتی بەعس هەژدە کەنیزەکی کوردی فرۆشتووە بەلەشفرۆشخانەکانی میسر، ئەوە بۆچیی لای کەم گلەیی کوردە ناموسیی لەو دەسەڵاتە سیاسییە ناکەن، کە ئەنفالچییەکانیان داڵدە داوەو لە پۆستی باڵادا دایانناون و تەنانەت گوشاریشیان خستووەتە سەر گەواهییدەرانی ئەنفال کە توخنی جاشەکان و ئەنفالچییەکان نەکەون و لەدادگادا ناویان نەهێنن.  ناساناندنی جاشەکان بە بێتاوان لەئەنفالداو خۆدزینەوە لە ناوهێنان و داپۆشینی تاوانەکانیان، تاوانێکە بەئەندازەی تاوانی ئەنفال بە تەوێڵی هەموو ئەوانەوە کە بۆ ساتێکیش بیر لەم دۆزە پڕ لەکێشەو مەترسییدارە دەکەنەوە. گەلی کورد دەبێ شانازیی بەوەوە بکات کە جاشەکانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردووی خۆی بە مێژوو بسپێرێ و تاوانەکانیان وەک خۆی تۆمار بکرێن. دەرکردنی جاشەکان لە پرۆسەی ئەنفال ، شاردنەوەی راستییەکانە و شێواندنی مێژوویەکی زۆر نزیکمانەو هەرکەسێکیش خولیایەکی لەم چەشنەی  هەیە، تاوانێکی گەورە لە بۆچوونیدا هێڵنج دەدات.

زیندووترین نموونە بۆ ئەم کورد فرۆشییە، بۆ فرۆشتنی کچانی کورد بە ( ئەمن و موخابەرات و ئیستخیبارات و سوپای عێراقیی ) لەساڵی 1988دا،  سەرۆک جاشەکانی چەمچەماڵن ، لەکاتێکدا هەزاران  کوڕو کیژی جەوانیان بەدیاریی دەگرت و رادەستی هێزەکانی بەعسیان دەکرد، لەولاشەوە چوار پیروپەککەوتەیان بۆ چاوبەستن و هەڵخەڵەتاندن بەهەزار پاڕانەوەی نۆکەرایەتیی لەدەست هێزە هەواڵگرییەکانی رژێم قوتار دەرکرد. ئەو سەرۆک جاشانەی کە دەنگیان دا بە پارتیی و یەکێتیی و ئێستایشی لەگەڵدابێت ئەو قورسایی دەنگدانەی ساڵی 1992 یان لەسەر باڵانسی هێز لەکوردستاندا ماوە. ئایا بەڕاستیی، ئێسک و پرووسکی هەموو گۆڕە بەکۆمەڵەکان بە ئەندازەی ئەو چەندین جاشە زیندوو و کوژراوەی چەمچەماڵ لای دەسەڵاتی کوردیی نرخی هەیە؟.

کێشەی دادگاییکردنی سەدام و سەرانی بەعس خەریکە لە گاڵتەجاڕییش دەردەچێ، ئەوەتا پیاوێکی سەرمەستی سەربازیی وەک دۆناڵد رامسفێڵدیش خوازیارە دادگایی سەدام چیتر درێژە نەکێشێ، ئەمە بێسووڕ نییە؟ ئەمە ترسی ئیدارەی ئەمێریکییەو رامسفێڵد دەریدەپەڕێنێ. بە دیوێکی تردا ترسێکی گەورە هەیە ، چ لە درێژە کێشانی دادگاییکردنی سەدام و چ لەوەی دەنگی تر پەیدا ببێت ، یان رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی بواری مافی مرۆڤ لە داهاتوودا گوشار بخەنە سەر رای گشتیی بۆ ئەوەی دادگایی سەدام و سەرانی بەعس بگوازرێتەوە بۆ لاهای ، چونکە لە ئەنفالدا تاوانی دژی مرۆڤایەتیی

( Crimes against Humanity ) تێدا ئەنجامدراوەو  تەنها خەڵکی کوردستان مافیان بەسەر بەعسەوە نییە، بەڵکوو بەعس دەستریژیی کردووەتە سەر بەهاکانی مرۆڤ و مرۆڤایەتیی و یاسا نێودەوڵەتییەکان.

سەرەڕای ترسێکی هەرێمییش کە لەناوچەکەدا هەیە لە گواستنەوەی سەدام بۆلاهای و زۆرتریش لە تورکیا و سوریا و وڵاتانی عەرەبیی و ئیسلامییدا بەرجەستە بووەتەوە. ترسێکی تریش لە ئاستی نێودەوڵەتییدا ئەوەیە کە دەستی زۆر لەسیاسەتمەدارانی رۆژئاواو کۆمپانیا بازرگانییەکان دەخوێندرێتەوەو تووشی سکانداڵی سیاسیی و مۆراڵیی دەبن و سەریان دەخوات.

بێگومان لەدادگای عێراقییدا زۆر ئەستەمە کە تاوانەکانی بەعس لەهەمبەر گەلی کورد بەجێنۆساید تۆمار بکرێن، ئەمێریکاش حەز ناکات تاوانی ئەنفال بەجینۆساید بناسرێت، چونکە داوێنی خۆی دەگرێتەوەو بەتایبەتی بێدەنگیی سەرۆک بووشی باوک لەو سەردەمەدا سەرەڕای چەندین دۆکیومێنت و ریپۆرتاژیی وردو هەواڵگریی بۆ نێوەندە یاسایی و مرۆییەکان دەبێتە بوومەلەرزە. کورد دەبێت زۆر وریاش بێت لەوەی لەدەستیشدایە لەدادگاییکردنی سەدام و سەرانی بەعسدا نەیدۆڕێنی. ئەمێریکا و زۆر نێوەندی سیاسیی تر لە ئۆخەی ئەوەدان کە هەرچیی زووترە لەسێدارەبدرێن و دۆسیەی ئەو تاوانکارانە بپێچرێتەوە. شیعەکانیش بەهۆی کولتووری ژێرچەپۆکیی چەندین ساڵەیان و کورتبینیان ، خوازیارن لەسێدارەدانی سەدام لەسەر دوجێل هەرچیی زووترە جێبەجێ بکرێت.

یەک ئاوڕدانەوەی کورت لە رۆژگاری دادگاییکردنەکەی سەدام لەسەر دۆجێل،  هەر لەسی ئێن ئێنەوە ، تا دەگاتە بی بی سی و دی دەبلیو، فۆکس نیوز و سەرجەم ماسمیدیا جیهانییەکان و تەنانەت کەناڵە شۆڤینیستەکانی لەچەشنی ئەلعەرەبییەو ئەلجەزیرەش ، باسیان دەکردو راستەوخۆ دەیانگواستەوە، بەڵام بۆ ئەنفال نەک هەر ئەو گرنگییەی پێنادەن ، بگرە زۆرجار هەر بە دێڕێکیش باسی ناکەن. ئەمە لەخۆوە نییەو چەندین دەست و بیری سیاسیی و هێزی گەورەی لەپشتەوەیە.

لەکاتێکدا کورد دەبێت گوشارێکی زۆر بەکار بهێنێت کە سەدام لەسێدارە نەدرێت بەهۆی دۆجێلەوەو  مانەوەی سەدام و تەمەن درێژیی ئەو لای کەم لە کورتماوەدا بە قازانجی دۆسییەی ئەنفالە. بەپێچەوانەوە کورد کارێکی باشی دەکرد دوای تەواوبوونی ئەم دادگاییە بێسەرەوبەرەیەی بەغداد، لەهەوڵی ئەوەدا بووایە کە سەدام و سەرانی بەعس رادەستی دادگای لاهای بکات و تاوانی دژی مرۆڤایەتیی بداتە پاڵیان و لەم رێگەیەشەوە دەروازەیەکی سیاسیی و یاسایی گەورە بە گەرووی کورددا دەکرێتەوە، ئەگەر ئەنفال لەرووی یاسای نێودەوڵەتیی و تێوریی و کۆمەڵایەتییەوە ، کەهەرهەموویان لەچواچێوەی کرایتێریای بەکۆمەڵ کوشتنی مەبەستدارو نەخشەدارێژراوی پێشوەختدا بوونە ، بە جینۆساید بناسرێ دەسکەوتێکی سیاسیی و مرۆیی بێئەندازە گەورەیە.

 هەر ناسینی ئەنفال بە جینۆساید لە دادگای لاهایدا، بۆخۆی لە رووی سیاسیی و یاساییەوە هەموو کۆدەکانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکیی دابەشی سەر هەموو نێوەندە سیاسیی و ئاکادیمیی و دەسرۆیشتووەکانی دنیا دەکات. ئەو کەسانەی پێیان وایە لەسێدارەدانی سەدام سەرکەوتنە بۆ کورد ، بەتەواویی نغرۆی هەڵەو کورتبینیین ، بەپێچەوانەوە تەمەن درێژیی و ساغیی و تەندروستیی ئەو لەخزمەتی ئەنفالدایە، نەک هەر سەدام بەڵکوو هەموو سەرانی بەندکراوی بەعس،  ئێمە وەک گەلی کورد ئەگەر رابردوومان دۆڕاند، نابێ چارەنووس و ئاییندەو  مێژوومان بدۆڕێنین. کورد

www.dengekan.com

نابێ بەتەنها بیر لەدادگاییکردنی سەدام و سەرانی بەعس بکاتەوە، بەڵکوو دەبێت خوازیاری دادگاییکردنی هەموو سیستەمی تۆتالیتاری بەعس و شۆڤێنیزمی عەرەبیی بێت.

شتێکی تر زۆر گرنگە کە تا هەنووکە کاری ئەوتۆی بۆنەکراوە ،یان ئەوەی کراویشە زۆر زۆر کەموکورتە، تا ئێستا ئەرشیفێکی نەتەوەیی ، لە دەزگایەکی ئاکادیمییدا ئەو دەیان تۆن دۆکیومێنتەیان کۆنەکردووەتەوە لەسەر ئەنفال، رۆشنبیری کورد دەبێ ئەو راستییە بزانی کە لەنێوەندە ئاکادیمیی و یاساییەکانی دنیادا، دۆسییەی جەنەراڵی دیکتاتۆر پینۆشێ دەیان جار گەورەترو بەرچاوترە لە چاو تاوانەکانی سەدام و بەعسدا، لەکاتێکدا بەقەبارەو ژمارەو جۆری تاوانەکانیش بێت ، تاوانەکانی پینۆشی بەتۆزی تاوانەکانی بەعسدا ناگات. بەڵام ئەمەیان بەشی زۆری خەتای خۆمانە.

فەرموو ئێمە هەر دەڵێین ئەوەندە تۆن بەڵگەو دۆکیومێنت و "فیلم" ان هەیە ، بەڵام ئەگەر خوێندکارێکی کورد یان بیانیی بیەوێت نامیلکەیەک ، کتێبۆکەیەک، لێکۆڵینەوەیەک، تەنانەت ریپۆرتاژێکی دوورو درێژیش لەسەر ئەنفال بەشێوازێکی ئاکادیمیکی نەک سۆزداریی و دارِشتنی سیاسیی بنووسێ، دەستی بەکەمترین بەڵگەی باوەڕپێکراو ناگات. ئەوەی پێی دەگوترێت زەکات، یەک لەسەر سەدی ئەو زەکاتەی کە لەپارەو سامانی دەسەڵاتی کوردیی و حیزبە سیاسییەکان و بنەماڵە مۆنۆپۆلکەرەکانی کوردستان هەیانەو لێی دەکەوێت کە بەچەندین بیلیۆن دۆلار دەخەمڵێنرێ، ئەگەر تەرخان بکرایە بۆ بەئەرشیفکردنی بەڵگەو دۆکیومێنتەکانی ئەنفال بەشێوازی ئاکادیمیکیی و زانستیی و هاوچەرخیی ، بە پشت بەستن بە تەکنەلۆژیایی نوێ، ئەوا دۆسییەی ئەنفال لەئاستێکی جیهانییدا لە شوێنێکی تر دەبوو.

لەکاتێکدا ئەو چەندین بیلیۆن دۆلارە، ئەگەر خاترجەمیش بین و لەنیوەش کەمتری بکەینەوە هێشتا خاوەنی سەدان میلیۆن دۆلارن، هەر وەک خۆیان دەڵێن ئەو ئازادیی و بوژانەوە ئابوورییە بەرهەمی خوێنی ئەنفالکراوەکان و بارزانییەکان و گەرمیانییەکانە، بەڵام ئەم سەرمایە کەڵەکەکردن و شاردنەوەو تاپۆکردنەی لەسەر چەند بنەماڵەیەک و چەند کۆمپانیایەکی پیاوە سیاسییە بەرزەکانی کورد، بەرهەمی ئەو گەندەڵییەیە کە سەرتاپا دەسەڵاتی سیاسیی و حیزبیی لەکوردستاندا پێوە ئالوودە بووەو راستەوخۆ دزییەکی گەورەیە لە قوربانییانی ئەنفالەکان.

لەم نێوەندەدا سەرەڕای هەرکەموکوڕییەک بەرامبەر بە ئەنفال دەکرێ بەویژدانەوە قامک بخرێتە سەر هەوڵی هەندێ لایەنی تاکە کەسیی و رێکخراوی سەربەخۆ کە هەوڵی باشیان داوە، هەندێ نووسەرو ئاکادیمستی کورد بەپێی توانای خۆیان کاریان لەسەر ئەنفال کردووە، عارف قوربانیی سەرەڕای هەر رەخنەیەک کە لەسەری هەیە لەسەر باکگراوندی سیاسیی سالانی هەشتاکان و ئێستایشی، بەڵام بەویژدانەوە کاری زۆر و ماندووبوونێکی زۆری کردووەو مێژووی دوورو نزیکیش پاداشتی ئەو هەولانەی دەداتەوە، بەڵام بەداخەوە هەوڵەکانی لەچوارچێوەیەکی کلاسیکییدان و هیچ نێوەندێکی ئاکادیمیی ستاندارد نەهاتووە ئەو ئەرکانە بکاتە هەوێنی کۆمەڵی بەرهەم و بەڵگەی زیندوو بۆ مێژوو بەناوەڕۆکێکی پڕ ستاندارد و زیندووەوە کە لەگەڵ چاپ و پەخشی ئەمرۆژگارەدا بگونجێ. هەروەها هەوڵەکانی رێکخراوی چاک ، کە هەموویان لەسەر لاتیی گیرفانی ئەندامەکانیانەوە کراون، لەچاو خۆیان و قەبارەیان بەبەراورد لەگەڵ هەوڵی پارتیی و یەکێتییدا سەدان بەرامبەر زۆرترن و جێگەی متمانەی زێدەتریشن.